شیعر



چنوور نامیق

# ملوانكەكەم لەتێ مانگە

لەگەڵ بادا گوزەر مەكە
تەماشام بە مەیلی فڕین مەگۆڕەوە
هیلالی شەو
تاقە پەنای غەریبانە و
من لە حزوریا ناسرەوم
لە زەنگیانە بچراوەكانی ناو دەستم
پرشە ئەوین جێ مەهێڵە
هیلالی شەو
مەستم ئەكاو
بەبینینت چاوەكانم خومار ئەبن
لە تینی نیگای ڕژاوم
مەبە هەڵم
بە ژنێكی ڕەدووكەوتووی شوێن ئارامی
لێم تێ مەگە

لە سەدەیەکی دوورەوە
هەنگاوەکانم ئەژمێرم
ملوانکەکەم لەتێ مانگە و
دەستەکانم دوو کۆنە وڵاتی چۆڵی بێ جریوەن
فەلسەفە بابردۆکەی ژیان
تێڕامانم ئەشێوێنێ
لەگەڵ خەیاڵەکانی ئاسۆدا
منیش مەبە و
لەتە مانگەکەم لێل مەکە
بەژنێکی رەدووکەوتووی
شوێن قومێ میهرم مەزانە
حەرفی هەراسانی خەوم
بۆ مەنێرە
تازە بەقومێ ژیانی گریاو
ژیر نابمەوە
رەنگم لەگەڵ تۆدا رژا و
پەنجەیەکم لەگەڵ مووروێنەکانی مناڵی
نەبیستنم لەگەڵ بادا دەستی پێ کرد
هیلالی شەو
مەستم ئەکا و
من لە حزوریا ناسرەوم
لەگەڵ بچڕانی زەنگیانەکانی ملم
بۆ تاوێ مێژوو رائەگرم
لەگەڵ بادا سەفەر مەکە
هەموو عومرم

لەگەڵ عەسرێکی وێڵ گوزەشت....
لەگەڵ مندا وڵاتێکی پارچە پارچە
مەکەرەوە بە ئاوێنە
ئەگەر بڕیارت دا نەڕۆی
مووروووەکانم بۆ کۆکەوە
بەلای  مندا گوزەر مەکە
نەبا گریان ڕێڕەوی زەنگیانەکەم لێ بگۆڕێ
بە عەشیقێکی روح سوکی
ڕێگەی ژوانم مەزانە
ئەمێستا تەڕتر لە باران
مەیلی تۆ و خاک
ئەمخواتەوە
نەعاشقێکی بێ مەئوای
کۆڵانەکانی ژیانم
نەپەڵە خەمێکی سپیی چاوانی تۆم
وەک ئەو ریزە زەنگیانەی
با لە بەرۆکی کردمەوە
فرمێسکم ریزی بەستووە
بۆ هەمیشە؟
بە عەشیقێکی خەو لێ نیشتووی
وەرزی بارانم ئەزانی
لە سەدەیەکی پیرەوە
گوێ لە حیکایەتە چەوتەکانی ژیان ئەکرم
وەک لەتە مانگەکەی سەر سینگم
نیوەکەی خۆم بواردووە

چیدی بە عیشقێکی نەزۆکی
دیار تەرمی دوێنێم مەزانە
هیلالی رووت
ئەملەرزێنێ
بۆ بەژنێکی سەرەڕۆی
شوێن زەنگیانە بچڕاوەکان
لێم تێ ناگەی
بەعەشیقێکی خەواڵووی
بەر کوانووی مێژووم مەزانە
رووخسارم زستانێ قسەی
بەجێماوەی هەڵگرتووە
دنیام لە ناو حەرفەکانم
وێڵ کردووە
ملوانکەیەکی بچڕاو و
لەتێ مانگ و
قومێ میهری چاوانی
تۆ مەستم ئەکا

۲۰۰۹/۲/۲۸